

گوڵان: کۆمەڵایەتی

## ڕێژەی خۆسووتاندنی ئافرەتان لە بەرزبوونەوەدایە

# لە نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵ ٢٦٠ ئافرەت سووتاون

ئەگەر لە ڕابردووی خێزانێکدا خۆکوژی ڕوویدابێت، ئەوا کەسە نزیکەکان و وەچەکانی ئەو خێزانە هەڵگری ئەو بیرە خۆکوژییە دەبن، ئەگەر بە کرداریش ئەو خۆکوژییە ئەنجام نەدەن، ئەوا ئەو دەستەواژانەی کە ئاماژە بۆ خودکوژی دەکەن، لە قسەکانیاندا بەر گوێ دەکە

**بەپێی ئاماری ئەنجومەنی دادوەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو، واتە لە ساڵی ٢٠١٠ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٤، ژمارەی ئەو ئافرەتانەی مردوون، ٣٠٤٩ ئافرەت بووە، سووتان بە پلەی یەکەم هاتووە، کە ١٦٣٩ ئافرەت بوون، تەنیا لە نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا ٢٦٠ ئافرەت سووتاون و بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو دیاردەکە لە هەڵکشان بووە. لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی دامەزراند کە شەش بەڕێوەبەرایەتی، ٢٦ نووسینگە، ٢ سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی لەخۆ دەگرێت و ژمارەیەك هۆبەش لە کەمپی پەنابەران کراونەتەوە، کە کار لەسەر نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی دەکەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە ڕا و بۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.**

خێزان و پەروەردە و قوتابخانە و مزگەوت، گرنگە ڕۆڵی خۆیان ببینن لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان و پێویستیشە دامەزراوەی دەروونی زیاتر لە کوردستاندا بکرێنەوە

سەرەتا ڕۆژنامەنووس و چالاکی کۆمەڵی مەدەنی سەمیرە حوسێن جاف، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هەموو دەرئەنجام و ئاکامێك دەرهاوێشتەی کۆمەڵە فاکتەرێکن، بۆ دۆزینەوەی ئەنجامەکانیش بە شێوەیەکی زانستی دەبێ ڕێژەبەندییەکی هۆکارەکان بکەین و ئاشنایەتییەکی بنچینەییمان لەگەڵ فاکتەرەکانیدا هەبێت، گوتیشی: «یەکێك لە دەرەنجامەکانی توندوتیژی دژ بە مێینە خۆسووتاندنە، هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان جۆراوجۆرن. لە کۆمەڵگەی نێرسالاریدا هەمیشە چەمکەکان لە بەرژەوەندی پیاوان خوێندنەوەیان بۆ کراوە و نێرینە دەستی بەسەردا گرتووە، بۆ نموونە کاتێ ئابووری بەدەستی پیاوەوەیە بێگومان بەخۆڕایی نایبەخشێتە ئافرەت و لەبری ئەوە ئازادی لێدەسەنێتەوە، ئەگەر خێزانێك بە نموونە بهێنمەوە بە دڵنیاییەوە دەبینین زۆر جار ئافرەت چاوی بڕیوەتە دەستی باوك، برا، مێرد، کوڕ، تا بژێوی ڕۆژانەی بۆ دابین بکات و وا ڕاهاتووە کە ئەگەر پیاو نەبێت، برسێتی و نەداری ڕادەستی زەلیلی دەکات، بۆیە ڕازی دەبێت بەناچاری سەربەخۆیی خۆی هەرزان فرۆش بکات، هەروەها کۆمەڵگەش لە چوارچێوەی خێزان سیستەمێکی جیاوازی پێ نییە، دەسەڵاتی پیاوسالاری ئەو خەونەشی پووچەڵ کردووەتەوە کە ئافرەت پێیوابوو گەر ببێت بە خاوەنی کار و پیشەی خۆی دەتوانێت سەروەری خۆی بکڕێتەوە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتیش کە پیاو حوکمڕانی تیادەکات، دەستی بەسەر دامودەزگا و فەرمانگەکاندا گرتووە، تا شتێك لە ئافرەت وەرنەگرێت، کارێکی پێ نابەخشێت، هەرکاتێکیش بزانێ ئافرەت سەرکێشی دەکات، نانبڕاوی دەکات و دەینێرێتەوە نێو چواردیوارەکەی ماڵەوە، کەواتە لێرە بۆمان دەردەکەوێت ئابووری بە شێوەیەکی گشتی چ لەماڵەوە و چ لەو جێگایانەی کە سەرچاوەی ئابوورین لە دەستی پیاواندایە، کێشە لەوەدایە پیاوان بە تەواوی ویژدانیان ئاسوودەن بە کردەوەکانیان دەرهەق بە ژنان، چونکە بە درێژایی دیرۆکی بەشەرییەت تەئویل و تەفسیری دەقە ئایینییەکانیش خۆیان کردوویانە و پیاویان تێدا کردۆتە قارەمان و ئافرەتانیشیان وەك پلە دوو هێناوەتە ئەژمار، ئەمەش بۆخۆی بۆتە هۆکارێکی بەهێزو نەگۆڕ.»

ئەو ڕۆژنامەنووسە لە درێژەی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەگەر مرۆڤ لە کەشێکی ڕەوا و دادپەروەرانەدا بژی و ژیانی بۆ دەستەبەر بکرێت، هەرگیز پەنا ناباتە بەر لەناوبردنی خۆی، کە ئەمە بۆ خۆی نیشانەی بێ دەسەڵاتییە، بێ دەسەڵاتی بەرامبەر ئەو ستەمەی لێی دەکرێ، کە لە سەرووی توانای خۆیەتی، بۆیە کاتێ ئافرەت پەنا دەباتە بەر خۆسووتاندن، کاردانەوەیەکی لۆژیکییانەی بۆ نییە و دەگاتە لوتکەی بێ ئومێدی و بە کوێرانە بۆی دەڕوات. هەر کەسێك کە لە ژێر فشارێکی دەروونی و فیکری ناسرووشتییە، دەبێت بە چاوی کەسێکی نەخۆش سەیر

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O)، ساڵانە نزیکەی ٨٧٣ هەزار کەس بەهۆی خۆکوشتنەوە دەمرن ١٠٪ی ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، دەمرن، ئەوانی دیکە دووچاری پێکانی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە

بکرێت و بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەڵبەت مرۆڤ کە لە ژێر کاریگەرییەکی ناڕەوا و ناسرووشتیدا دەبێت، چ پیاو بێ، یاخود ژن، پەنا دەباتە بەر یەکێك لە رێگەکانی لەناوچوون، یاخود ئازاردانی خود، کە خۆسووتاندن باوترینیانە و لە زیادبوونە و خەریکە لە قاڵبی دیاردەوە دەیباتە قاڵبی باو! بۆیە کاری جددی و بەپەلەی پێویستە بۆ بنبەستکردنی، یاخود کەمکردنەوەی بەلانیکەم . مارکس دەڵێ: توندوتیژی لە سەرەتای بەشەرییەتەوە بوونی نەبووە، واتە دیاردەیەکی (مکتسب)ـە. بۆیە خۆسووتاندن کە باوترین دیاردەی توندوتیژییە ئافرەت دەرهەق بەخۆی جێبەجێی دەکات، کردارێکە لە دەرەوەی ئەقڵ جێبەجێ دەبێ کاتێ لە ژێر فشارێکی توندی دەرەکی دەبێ، هەر شتێکیش لە دەرەوەی ئەقڵ جێبەجێ بکرێ، دەچێتە قاڵبی کردەوە دەروونییەکان، واتە فشاری دەروونی پاڵنەری ئەم کردارە دەبێت. هیچکات نەمانبیستووە مامۆستایەك، یاخود پزیشکێك، یان ژنە دەوڵەمەندێك، یان ژنە رۆشنبیرێك خۆی بسووتێنێ. زیاتر ئافرەتی نێوماڵن کە پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئافرەتی نێوماڵ بە زۆری ئاستی بژێویان نزمە و لە غیابی رۆشنبیریدا دەژین».

نەقیبی مافپەروەر ڤلامینا وەحید فەخری بەرپرسی نووسینگەی منارە ـــی سەربە بەڕێوەبەرایەتی بەرنگاربوونەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، رایوایە: «توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانییە و هیچ نەتەوەیەکی سەرزەوی لەم دیاردەیە کەم تا زۆر بەدەر نین، سەرەڕای قۆناغە جیاوازەکانی ژیان کە مرۆڤ بەردەوام تێیدا تێپەڕ دەبێت و لە هەموو روویەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی ئەم دیاردەیە هەر هەبووە و هەیە، هاوکات گوتی: «زۆربەی هەرە زۆری ئەو خانمانەی کە پەنایان بۆ خۆسووتاندن بردووە، ئەگەر لەگەڵیان بدوێی و هۆکاری ئەو کارەیان لێ بپرسی، دەڵێن تەنیا مەبەستمان ترساندن بوو، نەك خۆکوشتن، زۆر جێی نیگەرانییە کە ئەوەندە بێ ئاگا بن لەوەی جەستەی مرۆڤ لە بەرامبەر ئاگردا زۆر ناسکە، یان نەزانن ئاگرەکە کوژاندنەوەی ئاسان نابێت و مەحاڵە بە سەلامەتی لێی دەرچن، ئاخۆ دەبێت چ ژیانێك لە داهاتوودا چاوەڕێی کەسی سووتاو بکات، ئەویش لە کاتێکدا کە بە ساغ و سەلامەتی لە دۆخێکی ناخۆش بووە، چ جای ئەوەی دوای سووتان و تەشویهی جەستەی، پێموایە هیچ کێشەیەك بە خۆ ئازاردان لەسەر رووی زەوی چارەسەر نابێت، خۆسووتاندن زۆر قورسە و نازانم هۆکاری چییە وەها بە ئاسانیان وەرگرتووە، خۆ ئافرەتانمان زۆرینەیان کابانن، ئاخۆ هەرگیز پروشکێکی بچوکی ئاگر لە ناخەوە نەیهێشاندوون، چۆن وەها بە ئاسانی دەتوانن پەنا بۆ سووتانی هەموو جەستەیان بەرن؟» گوتیشی: «لە ناخەوە داخبارم کە ئێمەی مرۆڤ لە هەزارەی سێهەمین و هێشتا وا بزانین خۆکوشتن رێگەچارەیە؟! نابێت بەهیچ شێوەیەك ئەو دیاردە قێزەونە لە ناو ئافرەتی کورددا بمێنێت».

د. نەریمان جاف پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە زانایانی دەروونزانی لە پێش هەموویانەوە فرۆید دەڵێت: لە ناخی مرۆڤدا غەریزەی شەڕەنگێزی هەیە و سرووشتییە و بەسەریدا زاڵ دەبێت و بۆ کوشتن هانی دەدات، بەڵام زانایانی تری دەروونزانی کەسی خۆکوژ بە لاواز و خەمۆك ناودەبەن، واتە ئەوانەی لەبەردەم گرفت و کێشەکانی ژیان توانای خۆڕاگرتنیان نییە، ئیرادەیان لاوازە و لە لایەنی دەروونیشەوە نەخۆشن، لەلایەکی دیکەوە زانایانی کۆمەڵناسی ئەم دەیەی دواییان ناوناوە (دەیەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان)، بۆیە دۆرکایم کە زانایەکی کۆمەڵناسییە لە لێکۆڵینەوەکەیدا هۆکاری کۆمەڵایەتی وەك خێزان و گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان باس دەکات کە پەیوەستن بە خۆکوشتن، هەر بەپێی شیکاری زانایان خۆکوژی وەك دیاردەیەکی دەرونی ناوزەند دەکرێت، نموونەی:

أ.خەمۆکی (کەئابە) توێژینەوەکان زیاتر باسی ئەوە دەکەن کە قورسایی خۆکوشتن بۆ خەمۆکی دەگەڕێتەوە، ئەوانەی خۆیان دەکوژن (٨٠٪)یان تووشی خەمۆکی بوون.

ب.لاوازیی کەسایەتی لە بەردەم گرفتەکانی ژیاندا.

ت. خۆبەکەم زانین (الشعور بالنقص) لە کەسانی تر خۆی بەکەمتر دەبینێ، چی بەهۆی کەموکورتی ئەندامەکانی جەستەی بێ، یان بەهۆی بێبەشبوونی لەپێداویستی ژیان.

پ.مادە هۆشبەرەکان:کە لایەنی بیر و ژیری ئەو کەسە تێك دەچێت و پەنا دەباتە بەرخۆکوشتن.

ج.بوونی غەریزەی دوژمنکاری لای مرۆڤ: فرۆید پێیوایە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا لەململانێدایە و لەناخیدا پاڵنەرێك هەیە بۆ کاولکاری و کوشتن.

ح.تووشبوون بە نەخۆشیە ژیرییەکان: شیزۆفرینیا، بێ ئاگایی و نەخەملاندنی کارەکان لای ئەو کەسە کە ژیان بە رەشبینی و بێمانا سەیر دەکات.

خۆپاراستن لە خۆکوژی:

بێگومان چەند رێگەیەك هەیە بۆ رێگەگرتن لەخۆکوژی و چارەسەری ئەم دیاردەیە وەك:

چارەسەری دەروونی، پێویستە ئەو کەسە هێور بکرێتەوە و تێبگەینن لە هەڵسوکەوتی و باسی خۆکوژی بۆ بکەن کە دروست نییە و خوای گەورە پێی ناخۆشە و دەرچوونە لە دین و بۆ پاشەڕۆژ خراپە.

چارەسەری نەخۆشییە دەرونییەکان وەك خەمۆکی، ئەویش بە سەردانی پزیشکی دەرونی و بەخشینی ئیرادە بەو کەسە، وەك گۆتە دەڵێت: مەرجی سەرکەوتن بوونی ئیرادەیەکی بەهێزە.

مرۆڤ کاتێ بڕیاری خۆکوژی دەدات، دەگاتە دوائاستی بێ هیوا بوون، زۆر جار لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بێت کە کەسێك نییە یارمەتی بدات لە گوێگرتن لە خەم و ئازار و لەو کێشانەی کە رووبەڕووی دەبنەوە، ئەمەش بە هۆی لاوازی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە بووە بە بەشێکی ئەم لاوازییە. کە ئەگەر کەسێك خەمێك، یاخود کێشەیەکی هەبێت، نەتوانێت کەسێك بدۆزێتەوە کە یارمەتی بدات و هاوخەمیی بکات و رۆڵێکی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانیدا، ئەمەش ئەو کەسە دەگەیەنێتە باوەڕێك کە ئەو کەسێکی بێسوودە لە ژیان، بوون، یاخود نەبوونی هیچ لە خۆشی و ژیانی کەسانی دەوروبەری ناگۆڕێت، بەردەوام خۆی دەخواتەوە، کێشەکان دەباتەوە ناو دڵی خۆی و بیریان لێ دەکاتەوە، ئەمەش کۆتاییەیەکی باشی نییە و بە خەمۆکی کۆتایی دێت، ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە و کەسێك نەبێت یارمەتییان بدات، بۆیە لە بارە توندەکانی خەمۆکیدا کەسی نەخۆش پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن.»

ئەو دەروونناسە هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «بۆماوەییش رۆڵ دەبینێت لە بیرکردنەوە لە خودکوژییەکاندا، بە شێوەیەك ئەگەر لە رابردووی خێزانێکدا خۆکوژی روویدابێت، ئەوا کەسە نزیکەکان و وەچەکانی ئەو خێزانە هەڵگری ئەو بیرە خۆکوژییە دەبن، ئەگەر بە

زۆربەی هەرە زۆری ئەو خانمانەی کە پەنایان بۆ خۆسووتاندن بردووە، ئەگەر لەگەڵیان بدوێی و هۆکاری ئەو کارەیان لێ بپرسی، دەڵێن تەنیا مەبەستمان ترساندن بوو، نەک خۆکوشتن

توێژینەوەکان زیاتر باسی ئەوە دەکەن کە قورسایی خۆکوشتن بۆ خەمۆکی دەگەڕێتەوە، ئەوانەی خۆیان دەکوژن (٨٠٪)یان تووشی خەمۆکی بوون

هەر کەسێک کە لە ژێر فشارێکی دەروونی و فیکری ناسرووشتییە، دەبێت بە چاوی کەسێکی نەخۆش سەیر بکرێت و بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت

ئەگەر مرۆڤ لە کەشێکی رەوا و دادپەروەرانەدا بژی و ژیانی بۆ دەستەبەر بکرێت، هەرگیز پەنا ناباتە بەر لەناوبردنی خۆی، کە ئەمە بۆ خۆی نیشانەی بێ دەسەڵاتییە، بێ دەسەڵاتی بەرامبەر ئەو ستەمەی لێی دەکرێ

کرداریش ئەو خۆکوژییە ئەنجام نەدەن، ئەوا ئەو دەستەواژانەی کە ئاماژە بۆ خودکوژی دەکەن، لە قسەکانیاندا بەر گوێ دەکەون.»

سەبارەت بە چارەسەری ئەو دیاردەیەش گوتی: «بەداخەوە هەتا دێت لە کوردستاندا ڕێژەی ئەو دیاردەیە زیاد دەکات و گەنجان و و بەتایبەتی خانمان لە کاتی تەنگژەی دەروونیدا پەنای بۆ دەبەن، خێزان و پەروەردە و قوتابخانە و مزگەوت، گرنگە ڕۆڵی خۆیان ببینن لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان و پێویستیشە دامەزراوەی دەروونی زیاتر لە کوردستاندا بکرێنەوە و پسپۆڕانی دەروونی، هۆشیاری دەروونی لەو بارەوە بڵاو بکەنەوە و تاکەکانی کۆمەڵگە لە مەترسیی ئەو دیاردەیە تێ بگەیەنن و هاوکات ببنە مەڵبەندێکی سەرەکی و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.»

سەمیرە جاف پێیوایە دانانی ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو بۆی هەیە ئەم دیاردەیە کەم بکاتەوە، ئەوەش لەم خاڵانەدا چڕدەکاتەوە:

١_ دامەزراندنی سەنتەری تایبەت بە کێشەی خۆسووتاندنی ئافرەتان، کە کەسانی پسپۆڕ و دەروونناسی تایبەت بەم دیاردەیەی بۆ دابین بکرێ، ئامار و داتا و هۆکارەکانی بەدواداچوونی بۆ بکرێ سەرچاوەی ئەم کارەش لە ڕێی تیمی پسپۆڕ ئەنجام بدرێ.

٢_ وتاری ئایینی و ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن بۆ وشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵ .

٣_ دابینکردنی هەلی کار بۆ ئافرەتان.

٤_ هاندانی ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە خولی وشیارکردنەوە و چۆنێتی دابینکردنی چارە بۆ کێشەکانیان.

٥_ هاندانی کچان بۆ برەودان بە خوێندن و دابینکردنی هەلومەرجی گەنجاو بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکان .

٦_ بۆ پتر تیشك خستنە سەر کێشەکانی ئافرەتان و چۆنێتی چارەسەری زیان و ئەنجامەکانی، سازدانی سیمینار و مێزگرد و بەردەوامبوون لە هەڵمەتەکانی وشیارکردنەوە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی ومافی مرۆڤ .

٧_ کردنەوەی خولی وشیاری بەهێز و فراوان بۆ پیاوانی بنەماڵە و ئەوانەی ئاستی بژێوی و ڕۆشنبیرییان نزمە بۆ پتر حاڵیبوون لە کێشە خێزانییەکان بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی.

ڤلامینا وەحید چارەسەر لەودا دەبینێت کە: پێویستە میدیاکان بە بیستراو و بینراو نووسراو بزانن چۆن باسی ئەو بابەتە هەستیارانە بکەن و مانشێتی وا لە بارەی سووتان نەنووسن، کە وا دیار بدات خۆسووتاندن ئاوخواردنەوەیە، دەبێت بیریان بێت سووتان بە ئازارترین برینە لە مرۆڤدا و وەك هیچ ئازارێك نییە، جگە لەوەش کە پێست نەما هیچ نامێنێت جەستەت بپارێزێت و هەرچ ڤایرۆس و پیسی هەیە هەموو دەچنە جەستەی و هۆی لە ناو چوونی دەبن، یان دوای مانەوەشی جگە لە ناشیرین بوون و تێکچوونی جەستە ئەوا تووشی دەیان، نەخووشی دەبێت، بەمجۆرە بینینەوەی خۆی لە دۆخی ئاسایی هەتا هەتا لەدەست دەدات، جگە لەوەش پێویستە مامۆستایانی ئایینی باس لەوە بکەن ئەوە چ تاوانێکە، من وای دەبینم تەمێ کردنی خود بە سووتاندن وەك ئەوە وایە کە جەهەننەم بۆ خۆت دروست بکەی، بەڵام جەهەننەم لای خودایە، نەك عەبد، با زانایانی ئایینی ئەوە زیاتر شی بکەنەوە.»

بەپێی ئاماری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، زۆرترین ئاستی خۆکوشتن لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان و باشووری ئاسیایە، لە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، خۆکوشتن هۆکارێکی سەرەکی مردنە.

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O)، ساڵانە نزیکەی ٨٧٣ هەزار کەس بەهۆی خۆکوشتنەوە دەمرن. هەروەها نزیکەی ٢٠ ملیۆن هەوڵی خۆکوشتنی سەرنەکەوتوو هەیە. ١٠٪ی ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، دەمرن، ئەوانی دیکە دووچاری پێکانی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە.

هەر بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، لە هەر خولەکێکدا ٢ کەس لە جیهاندا خۆیان دەکوژن، یان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن. بەراورد بە ساڵانی چلەکان، خۆکوشتن لە جیهاندا، بە ڕێژەی ٦٠٪ زیادی کردووە.

## کۆی (٩) مانگی ساڵی (٢٠١٥)

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٨ | ١٩ | ٥٣ | ٣٨ | ٢٠٨٣ | ٥ |
| دهۆک | ١٠ | ١٢ | ٣٤ | ١٥ | ١٥٦٥ | ٣٥ |
| سلێمانی | ٨ | ١٥ | ٣٥ | ٢١ | ٩٤٩ | ٣٧ |
| گەرمیان | ٦ | ٣ | ١٥ | ١١ | ٦١٠ | ١٥ |
| ڕاپەڕین | ٣ | ٤ | ١٥ | ٥ | ٤١٤ | ٣ |
| سۆران | ٢ | ٣ | ١٣ | ٤ | ١٥٤ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٤٧ | ٥٦ | ١٦٥ | ٩٤ | ٥٧٧٥ | ٩٩ |

لە کۆمەڵگەی نێرساڵاریدا هەمیشە چەمکەکان لە بەرژەوەندی پیاوان خوێندنەوەیان بۆ کراوە و نێرینە دەستی بەسەردا گرتووە، بۆ نموونە کاتێ ئابووری بەدەستی پیاوەوەیە بێگومان بەخۆڕایی نایبەخشێتە ئافرەت و لەبری ئەوە ئازادی لێدەسەنێتەوە

دەسەڵاتی پیاوسالاری ئەو خەونەشی پووچەڵ کردووەتەوە کە ئافرەت پێیوابوو گەر ببێت بە خاوەنی کار و پیشەی خۆی دەتوانێت سەروەری خۆی بکڕێتەوە





### کچێکی ئێزیدی:

# داعش سڵی لە دڕندایەتی و دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەت نەدەکردەوە

راگەیاندنی خەلافەتەکەی داعش لە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤، کۆمەڵێك دروشمی چەواشەکارانەی هەڵگرتبوو، بەوەی کە ئەوان دەیانەوێ شەریعەتی ئیسلامی وەك خۆی جێبەجێ بکەن، بەڵام هەر زوو بە پەلاماردانی خاکی کوردانی زۆرینە موسڵمان و کۆمەڵکوژیی شنگالییەکان و رفاندنی پتر لە ٥٠٠٠ کچ و ژنی ئێزیدی و شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە سەریان، خۆیان ریسوا کرد. خەلافەتەکەی ئەبووبەکر بەغدادی بوو بە خەلافەتی کوشتنی رەمەکی و بێ پاساو و تیرۆر و رەشەکوژی و سێکسبازی لە ژێر ناوی جیهادی نیکاح و کڕین و فرۆشتنی کچان و ژنانی سەر بە ئایینەکانی دیکە. یەکێك لە پاکیزەکانی ئێزیدی کە لە دەستی دڕندە چەکدارەکانی داعش رزگاری بووە، بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە.

پاش کۆنترۆڵکردنی شنگال لە سەرەتاکانی ئابی ساڵی رابردوو چەکدارانی داعش پیاوانی ئێزیدییان ناوچەکەیان کۆمەڵکوژ کرد و ئافرەتانیان کردە سەبایە و بە ئەمیرەکانی داعشیان دەبەخشین و دواتر بە چەکداری دیکەیان دەفرۆشتن. سەدان کچ و ژنی ئێزیدی ئەو بەسەرهاتە هاتنی داون پەنا بۆ خۆکوشتن بەرن.

مەروە-ی تەمەن ١٧ ساڵ یەکێکە لەو کچانەی کە باسی کوشتنی پیاوەکان و دۆخی ئافرەتان لە گرتووخانەی بادوش لە مووسڵ دەکات و دەڵێت: من باوکم و سێ برام و مامێکم لە بەر چاوی خۆم گوللە باران کران، چارەنووسی دایکم و دوو خوشکیشم نازانم چی بەسەرهاتووە، داعشەکان دوای دەستبەسەرداگرتنی شنگال و گوندەکانی هەموو ژن و منداڵەکانیان لە شنگال و دەوروبەری بۆ گرتووخانەی بادوش لە مووسڵ گواستەوە، لەوێ هەر کچێك کە ئامادە نەبوو سێکس لەگەڵ داعشەکان بکات، دەیانکوشتن. داعشەکان کچە تازەپێگەیشتووەکانیان جیا دەکردەوە و بە دیاری بۆ ئەمیرەکانی خۆیانیان دەبرد. ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانیان بۆ سووریا برد، ئەوەندە بەس بوو ئێزدییەك بڵێت نابم بە موسڵمان، داعشە سوورییەکان بە بەرچاوی هەموو دیلەکانەوە دەیانکوشتن، دەیان ئافرەتیان کوشت تەنیا لەبەر ئەوەی ملکەچ نەبوون و بە سێکسی داعشییەکان رازی نەبوون، ساڵی رابردوو لە مووسڵ منیان بە ئەمیرێکی داعش دا، ناوی ئەبوو ئەحمەد تکریتی بوو. ئەوکات من ١٦ ساڵم تەمەن بوو، تا سێ رۆژ دەست و پێمی بەستەوە و بە رۆژ و شەو لێی دەدام، زۆر جار لە ژێر دەستی ئەو دڕندەیە بوورامەوە. هەموو کچە گەنجەکانیان جیا کردەوە و داعشییەکان دەستیان بە کڕین و فرۆشتنی ئافرەتی ئێزیدی لە بازاڕی شارەکانی مووسڵ لە عێراق و رەقە لە سووریادا کرد. من دوو مانگ لە لای ئەبوو ئەحمەد تکریتی بووم، دواتر منی بە ١٥٠٠ دۆلار بە دێوەزمەیەکی وەك خۆی فرۆشتەوە کە لە سووریا و لە مووسڵیش ژن و منداڵی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژانە دەیان ئافرەتی دەهێنا ماڵەوە و کە هەموویانی کڕیبوو، دواتر یەك بە یەکیان و بە نرخی زیاتر دەیانفرۆشتەوە. داعش ئایین و سێکسی تێکەڵ کردووە. رەبولعالەمین لێیان خۆش نابێت، ئەوانە بازرگانی بە ناموسی خەڵك دەکەن، ئەوانە دڕندەن نەك مرۆڤ. من ئامۆزایەکی خۆم لە ماڵێکی ئەو داعشانەدا بینی و سەرەتا بیرمان لەوە کردەوە کە خۆمان بکوژین، بەڵام دواتر بڕیارمان دا هەڵبێین، شەوێك پێکەوە دەرفەتمان بۆ هەڵکەوت پێکەوە هەڵاتین، نزیکەی شەش سەعات بە بیاباندا رۆیشتین، هەر خوا نەیویست بمرین، هەمووی مین بوو. نزیکەی بەرەبەیان پیکابێکمان بینی، سەرەتا وامان زانی داعشە، خۆمان شاردەوە، بەڵام دواتر چەند سەیارەی دیکەمان بینی، ئاڵای کوردستانیان لەسەر بوو، ئیتر خۆمان ئاشکرا کرد و ئەوان کە زانییان ئێمە هەڵاتووین زۆر رێزیان گرتین و بەپەلە ئێمەیان گواستەوە و ئێستا لەم ناوەندەدا زۆر بە رێزەوە چارەسەری دەروونی و پزیشکیمان بۆ دەکەن. ئێمە تەنیا بەوە دڵخۆشین کە سەرۆك بارزانی لە ناو شنگال ئێمەی لە یاد بوو، باسی ئێمەی کرد و وتی سەربەرز بکەنەوە. هیوادارم خوا ئەو سەرۆکەمان بپارێزێت تا هەموو دیلەکانی ئێزیدی رزگار بکات. من کیژی ئەو نەتەوەیەم کە سەرۆکی وڵاتەکەم پێی وتم: سەر بەرز بکەوە و بڵێ: «منم کیژی کوردان، هێمای شەرەف و بەرخۆدان». زۆر سوپاسی سەرۆك بارزانی دەکەین و هەزار سڵاو دەنێرین بۆ سەرۆك و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان کە بە قوربانیدان شنگالیان رزگار کرد.»

داعش لە گۆڤارەکەی «دابق»دا زۆر بێ شەرمانە باسی لە هێرشەکانی بۆ سەر شنگال لە سێی ئابی ساڵی رابردوو کردووە و بە فەرمی رێگەی بە کڕین و فرۆشتنی ئافرەتانی ئێزیدی وەکو «سەبایا» داوە.

بەپێی ئامارەکانی بەردەستی بنکەی رۆشنبیری و راگەیاندنی لالش و لیژنەی سەرژمێریکردنی ئەو ئافرەتانەیە کە دیلی داعشن زیاتر لە ٤٦٥٠ ژن و منداڵی ئێزیدی لە لایەن چەکدارانی خەلافەتەکەی ئەبووبەکر بەغدادی رفێندراون.

داعش دەوڵەمەندترین گرووپی تیرۆریستی جیهانە کە جگە لەوەی دەستی بە سەر بەشێك لە بیرە نەوتییەکانی عێراق و سووریادا گرتووە، ملیۆنەها دۆلاریشی لە بانکەکانی مووسڵ سەلاحەدین و دیالە و ئەنبار دزیوە، لەگەڵ ئەوەشدا کڕین و فرۆشتنی ئافرەتانی دیل و رفێندراو بووەتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ چەکدارەکانی.

جگە لەوەش لە ئاداری ٢٠١٣ فەتوای «جیهادی نیکاح»یان دەرکرد بۆ ئەوەی لە چەند کاتژمێرێکدا چاوبرسییەکانی شەهوەتپەرست سێکس بکەن، هەر لەو بوارەشدا داعش بە فەرمی و لە بڵاوکراوەکانیدا رێگەی بە چەکدارانی داوە تەنانەت ئەو کچانەی کە زۆر منداڵن و تەمەنیان بۆ سێکس گونجاو نییە، سێکسیان لەگەڵ بکەن. بەڵام تەمەنی ئەو دڕندانە بەرەو کۆتایی دەچێت و دوای تاوانەکانی ئەم دواییەیان لە فەڕەنسای «فرەنسۆ و دانیال میتران»ی خۆشەویستی کوردان، فەڕەنسا و ئەمەریکا و بەریتانیا و وڵاتانی زلهێزی جیهان زیاتر پشتیوانی پێشمەرگە دەکەن، کە لە بری هەموویان لە سەر زەوی هەوڵی راماڵینی داعش و دارمانی خەلافەتەکەی ئەبوبەکر بەغدادی دەدەن.

**هەزار سڵاو دەنێرین بۆ سەرۆك و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان کە بە قوربانیدان شنگالیان رزگار کرد**

**باوکم و سێ برام و مامێکم لە بەر چاوی خۆم گوللە باران کران، چارەنووسی دایکم و دوو خوشکیشم نازانم چی بەسەرهاتووە**

**ئێمە تەنیا بەوە دڵخۆشین کە سەرۆك بارزانی لە ناو شنگال ئێمەی لە یاد بوو، باسی ئێمەی کرد و وتی سەربەرز بکەنەوە**

**داعشەکان کچە تازەپێگەیشتووەکانیان جیا دەکردەوە و بە دیاری بۆ ئەمیرەکانی خۆیانیان دەبرد. ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانیان بۆ سووریا برد**